# ئەدەبی ژنان دەستدرێژیە بۆ سەر حەریمی پیاوان**

کورتە ئاوردانەوەیەک لە ئەزموونی کەژاڵ ئەزموونی کەژاڵ ئەحمەد

ڕێکپۆش عزیز
rekposh_3@yahoo.com



من دەمەوێ لەبارەی ژنەوە بنوسم ،بەڵام ژنی یاخی، من حەز بەبینیی ژنی یاخی دەکەم و ئارەزووشم ئەوەیە لەناو دەقەکانیاندا بتوێمەوە،چونکە من دەزانم راستگۆی و خۆشەویستی و پاکی لەژنی یاخیەوە هەڵ دەقووڵێت یان با بڵێم شعر لە ژنەوە هەڵدەقوڵێت. بۆ دیاری کردنی ئەو جیهانەی شعریش یان ئەو بەشەی ئەدەب پێوویستمان بە ئەدەبی ژنە،مانای ژن خۆی بنوسێتەوە و وە ژنیش لەسەر ژن بنوسێت، ئەوەی قەڵەمی پیاویشە فریێ بدەینە دەرەوەی ئەم ئەدەبەی ژنان. وە بەم ئەدەبەش دەوترێت ئەدەبی ژن و رەخنەی ئەدەبی فێمێنیستی.

رەخنەی ئەدەبی فێمێنیستی یارمەتی ژنانی نوسەر دەدات كە جیهانێکی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن وەک چۆن پیاو ئەو جیهانە تایبەتەی هەیە، وە لەهەمان کاتیشدا سنور بۆ زیادەروویەکانی بیری پیاوان دابنرێ لە جیهانی ئەدەبدا تا چیدی ژن بە شێوەیەکی (ئوبیەکت) ئاوەڵکردار باس لە کەسێتی ژنان نەکەن، لەناو ئەو ئەدەبە سونەتیەی کە ئەمرۆ هەیە، ئەوەی کە رابردوە نابێت داهاتووەی ئەدەبی لەسەر دروست بکەین یان درێژە بە ستایلەکەی بدەین بەڵکو دەبێ هەوڵی گۆرانی بنەرەتی تیا بدرێت، من دژ بەو ئەدەبەی رابردوو نیم بەڵام لە هەمان کاتدا مان دەگرم لەوەی دووبارە پێی رازی بم، دروست بوونی جیهانی تایبەت بە ژن لەناو پانتایی ئەدەبدا کە بۆتە هۆی هەراسانی زۆرێک لە نوسەرانی کورد و بە جیاکاری و جیاواز بوونی دەدەنە قەڵەم، کە لە بنەرەتەوە من پێم وایە قبووڵ نەکردنی جیاوازیەکانی نێوان ژن و پیاوە. لە کاتێکدا کە هیرارکیەتی ناو ئەم ئەدەبە بە شێوەیەکە کە هەوڵی ئەوە دەدات یەک رەنگی بکات بە رەنگی یەک مرۆڤ/ پیاو،لەناو ئەم ئەدەبەدا بوونی پیاو بوونێکی سەربەخۆ و چالاکە بریتیە لە دەسەڵات، عەقڵ، لێزان،زیرەک، شیاو، ئازا، بەهێز، بەڵام ژنان بریتین لە هەست، هۆکاری پەیوەندی،گونجاو لە خێزاندا، وێنە لە چوارچێوەی دیاری کراودا،ترسەنۆک،لاواز. ئەم بۆچوونانەن کە تەحەکەکوم دەکەن بەسەر جیهانی ئەدەبی کوردیەوە، وە ئەو نوسەرانەشێ هەراسانیەک دەیان گرێت بە چەمکی ئەدەبی ژن پاساوی مرۆڤ بوونی بۆ دەهێننەوە مەستی سەرەکیان مانەوەی ئەو دەسەڵاتەی خۆیانە بەسەر زمان و کەلتوری ژندا لەناو پانتایی ئەدەبی کوردیدا،چونکە ئێمەی ژنان لەو پانتاییەدا نە خاوەنی زمانی خۆمانین نە جیهانی تایبەتیشمان هەیە بە ناوی ئەدەب، ئەوان ئەدەبان بەستوە بە مرۆڤایەتی و پەیامی مرۆییەوە بەڵام ئەم مرۆڤ بوونە تەنها پیاو دەگرێتەوە، ئێمەی ژنانیش بە بەشێکین لە پیاو، بۆیە رەخنەی ئەدەبی فێمێنیستی جارێکی تر پیناسە بۆ کەسێتی ژن و پیاو دەگەرێنێتەوە. چونکە لە بنەرەتەوە کاتێ چەمکی مرۆڤ بوون هاتە ئاراوە ژنی نەگرتەوە بەڵکو تەنها پیاوی گرتەوەو پیاو مرۆڤ بوو، وە ئەم بانگەشەیە بە رۆسۆ دەست پێدەکات و دەڵێ" هەموو مرۆڤەکان ئازادو یەکسان لەدایک دەبن" بەڵام بەدەمی خۆی هاواری کرد کە لەم پەیامەدا مەبەستم ژنان نیە، ژن پاشکۆی پیاوە. مانای کە ئەمرۆ ژن داوای ئەو جیهانە سەربەخۆیەی خۆی دەکات بە زمان و کەلتورو لەشی خۆیەوە لەوەوە نیە کە ئێمە لەوپەری ئازادی و سەربەخۆیی خۆمانەوە وەک ژن بەو ئەنجامە گەشتبێتین کە ئەدەبێکی سەربەخۆی خۆمان دروست بکەین نەخێر بەڵکو کاتێک هەبووە هەر زۆر نارەواو قاچاخ بووە ژن نوسەر بێت و بەیانی هەستەکانی خۆی بکات، ئا لەم دژواریەوە کاتێک ژن هەوڵی ئەوەی داوە بنوسێت نەیتوانیوە وەک ژن بنوسێت بەڵکو ئەو زمانەی پیاوی بەکار هێناوە بۆ نوسین و تەنانەت قسە کردنیش، ئەمرۆ لە زمانی کوردییدا کۆمەڵێ چەمکی نەرێتی هەیە کە تەنها

تایبەتن بەژن، ئەمرۆ ژن لەو کۆمەڵگایەدا نائاگا بەکاری دەهێنێتەوە بەرامبەر بە ژن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا لە بیری ژنەوە نەهاتوە بەڵکو لە بیری پیاوەوە هاتوو بۆ چۆنیەتی بوونی ژن و لەشی ژن. ئەمرۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەشی ژن هی پیاوە بەڵام لەشی پیاو خۆی خاوەنیەتی، ئەم خاوەندارێتیە تەنیا لەرێ ئامرازەکانی زمانەوەیە ، مانای پیاو شەرە تفەنگی نەکردوە بۆ داگیرکردنی ژن بەڵکو لەرێی واژەکانی زمانەوە دەستی بەسەر ژندا گرتوە، هێلێن سێکسۆش دەڵێ ئەوەی گرنگ نەبووبێ بە درێژایی مێژوو ئەم دەست بەسەراگرتنەی پیاوە بەسەر لەشی ژندا، وە ژن نەیتانیوە باس لە تاقی کردنەوەکانی لەشی خۆی بکات، سەرنج بدەنە مەسەلەی منداڵ بوون ، یان حامله بوون، سوری مانگانە، مەمک دان بە منداڵ، ئەمانە لەبەر ئەوەی تەجرووبەی ژنانەن بە عەیبە و تەنانەت بە پیسش دێنە ئاژمار ، بەڵام رێش تاشین نا، بەڵکو بە شتێکی زۆر زۆر ئاسایی دێتە ئاژمار، تەنانەت سپەرمەش لەبەر ئەوەی هی پیاوە هێندەی خوێنی سوری مانگانە بە پیش نایەتە ئاژمار. ئایا ئەم دەرئەنجامانە ئێمە لە رێی زمانەوە پێی نەگەشتووین؟؟ بەبێ بەکار هێنانی زمان چۆن دەتوانین ئەمانە بزانین؟؟ کەواتە ئێمەی ژنانیش دەبێت بەشداریمان هەبێت لە پرۆسری زماندا بە هەردوو لایەنی نوسین و قسە کردنیشەوە، دەبێ هەوڵی پاکردنەوەی زمان بدرێت لەو واژانەی کە بە بیری پیاو دەردەخا سەبارەت بە ژن، دەبێ زمانی لەشمان بنوسینەوەو لەش یەکسان بکەینەوە بەیەک. منی ژن خۆم پێناسە ناکەم بە مرۆڤ، پێشم چەمکیکی فریودەرە، من ژنم وجیهانێکی سەربەخۆو تایبەتی ئەدەبی ژنانیشنم دەوێ، ژنبوونم جێگەی شانازیمە و خۆم بە جیهانە دووروو و غەدارەکەی پیاوە هەڵناواسم، وە دڵنیاشتان دەکەم کە من تەنیا نیم لەم کاروانەدا، چەندین ژنمان هەیە کە بە هەموو خەسڵەت و خواستی ژنانەی خۆیەوە دەنوسێ، من لێرەدا باس لە ژنێکی دیش دەکەم کە رازی نیە بە دێوو جامەی مرۆڤ بوون، ئەو ژنە شاعرە یەکێک بوو لەو ژنانەی کە هەر زوو لە دێوو جامەی مرۆڤ بوون هاتە دەر و پەنجەی هەرەشەی لەهەموو پیاوەکان یا با بڵێم هەموو مرۆڤەکان هەڵبری و پێی ووتن:

قەڵەمەکانتان بشکێنن
کەس وەک خۆم مێژووی بوونم تۆمار ناکاو
رۆمانی غەمم نانوسێ

خاوەنی ئەم شعرە کەژاڵ ئەحمەدە، کەژاڵ یەکێکە لەو شاعرە ژنانەی کە بەردەوام دەیەوێت ژن بێت وبە زمانی ژنانەی خۆی تەعبیر لە ئازارو ئەندێشەکانی ژیانی رۆژانەی بکات، ئەو هۆشیارە بەوەی کە لەناو دەسەڵاتێکی پیاوانەدایە بۆیە دەیەوێ پێیان بڵێ منی ژن رێگەتان پێ نادەم بمخەنە دێوجامەی مرۆڤ بوون یان پیاوو بوون ، ئەو بەم شێوەیە بەردەوام ژنە نەک ئەو شێوەیەی کە پیاوانی سیستەمی پاتریالکال دەیانەوێ ، سەرە رای ئەمە هەرەشەیەکی توندتریشیان لێ دەکات وەک دەڵێ:
بۆنی یاخی بوون لە نوکی پەنجەکانی
قاچمەوە دێت
بۆنی تیژی یاخی بوون

کەواتە ئەمە یەکێکە لەو ژنانەی کە زوو درِی بە تەمی سیستەمی پاتریالکال داوە و وەک ژن هاتۆتە مەیدانی ژنانەیی خۆیەوەوشەقێکی بێباکانەشی لە شێوە ژیانی ئەو کۆمەڵگا پیاوسالاریە هەڵداوە، بەڵام ئەنجامەکەشی سەرکەوتن بوو، ئەوەتا دەڵێ:

تۆ دەزانی بەو قاچانە

شەقێکی زۆر بێباکانەم لە تۆپی ژیان هەڵدا
کەچی گۆڵم کرد

کەژاڵ دەرکی بە فێڵەکانی ئەو کۆمەڵگا پیاوسالاریە کردوە، کە دەیەوێ والە ژنان بگەیەنێ بەبێ پیاو ژیانیان ناروا بەرێوە و ژیان و ئەرکەکانی دەبێ لەسەر بنەمای بیری پیاو بێت ، بەڵام کاتێ ژن هۆشیار دەبێتەوە سەبارەت بەو نۆرمانەی کە لەکۆمەڵگادا هەن بۆ سڕینەوەی کەسێتی ژن و کردنیان بە پاشکۆی پیاو، ئەوا شایەنی شەق تێهەڵدانە، بەڵام ئەمە کۆڵنەدان و خەباتی زیاتری دەوێت، هەر بەمە تەواو نابێت، چونکە ئەوە پیاوی کورد نیە ئەمانە بە ئاسایی وەربگرێت بەڵکو چەکیان هەیە بۆ شەر کردن، ، پیاوان دەست دەکەن بە درۆ کردن و بۆختان دواخستن، چونکە پیاو هەست دەکات سنورێ کە ئەو بۆ ژن دایناوە لە مێشکی خۆیدا ژن بەزانی، کەواتە ژن نە وەک پیاو و نە وەک مرۆڤ، چوون گەر هەر کام لەم دووانە بێت ناکەوێتە بەر شاڵاوی پیاوان بە هۆی ئەوەی زیادەرەوە، سەر ئەنجام ژن ژنە و ژن لە بیری پیاودا پیاو نیە ، کەواتە چی بکەین کەژاڵ ڕێگەچارەیەکی باشی لایە، دەڵێ دەبێ بەنووکی پەنجەی قاچ قسەی قۆڕی ڕەخنەگران لەسەر ڕێگەکەت لابدەی:

من بەنووکی پەنجەکانی ئەو قاچانە
یاخی بوون
قسەی قۆڕی ڕەخنەگران
لەسەر ڕێگاکەم لادەبەم

کەواتە ئەوانەی ڕەخنە دەگرن بەوبەڵگەیەی کە ژن زیادەرەوە یان کەژاڵ زیادەڕووە، هەمووی قسەی قۆڕە و سفریان بۆ دەمێنێتەوە، وە کەژاڵیش باکی نیە لەم قسەکردن و نەکردنیان، کەئەمەش یەکەمین ئەرکی ژنە، چونکە ژن لێرەوە ئازاد دەبێت هەر ژنێ ئازادێش بوو دەتوانێ عاشق بێت و ئەو دنیا تایبەتەی خۆی تیادا بەرجەستە بکات، ئەو فۆرمەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە بەناوی خۆشەویستی و عشق تەنیا بە شێوەیەکی کەلەک ئاوەژوو ژنانی پێ دەخەڵەتێنرێ و بەسودی پیاوانە، ئەو پەیوەندیە لە نێوان کەسێکی ئازاد و کەسێکی پاشکۆی ئەو کەسەئازادەیە، ئەمەش تاکتیکی پیاوە بەم گۆتانە ژنان فریو بدەن بۆیە ژن دەبێ زۆر هۆشیار بێت، دەبێت ئازاد بێت تا عاشق بێت،ئەوە نیە کەژاڵیش پاش ئازاد بوون عاشق بوو،

تۆ دەزانی هەر بەهەمان ئەو قاچانە
دنیای ئەو عەشقەم دۆزیەوە کە
مرۆڤ بە دوای دا گەڕاو پێی نەگەشت

کەواتە ژنانی ناو ئەو سیستەمە کە خۆیان خستۆتە دێووجامەی مرۆڤ بوون و هەرچی هەست و خواستی ژنە لەخۆیاندا کوشتوویانە ، ئەگەر بەدوای عەشقیشدا بگەڕێن نایدۆزنەوە، چونکە ئەوە ژنە کە عاشق دەبێ، نەک ئەو مرۆڤەی بە گوومانە لەوەی کە ڕەگەزی چیە؟ بەگومانە لەهەستی خۆی، لە بوونی خۆی، بە کورتی کەژاڵ یەکێکە لەو شاعرە ژنانەی کە ئەگەر ناویشی لەسەر هەندێ شیعر لاببرێ لەگەڵ خوێندنەوەی شعرەکەیدا هەست دەکەی کەئەمە شعری ژنە، بەداخەوە دەیڵێم کە دنیای پڕ ئاژاوەی ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەک کەژاڵی سەرقاڵ کردوە، کە زۆرێک لە وێنە شیعریەکانی کەژاڵی لەناو بردوە، گەر بەدەستم بێت ،کەژاڵ دەبەمە سەر پەڵەهەورێکی سپی، تا لەوێوە لە هەموو لە هەموو دنیا بروانێت

و  ئاوازی شعری ژنانه بۆ هەموو ژنانی دنیا بچڕێ، گەر کەژاڵ لە دنیای ڕۆژنامەنوسی دوور خرێتەوە ، پێی دەچێ چون فارس فەرووغی فەروخزادی هەیە ئاواش ئێمە کەژاڵمان  هەبێ، بەو ئومێدەی کەژاڵ بەردەوام شاعر بێت.

**تێبینی/ ئەم باباتە لە شعرستانی ژمارە پێنج  ساڵی 2000 بڵاوکراوەتەوە بەڵام لێرەدا  کەمێک دەسکاریەوەیە.